**Kongreya Neteweyî ya Kurdistanê**
*Kurdistan National Congress*
**Congrès National du Kurdistan**
کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان

KNK

*Rue Jean Stas 41 1060 Bruxelles tel: 00 32 2 647 30 84 Homepage: www.kongrakurdistan.net e-mail: kongrakurdistan@gmail.com*

# هەڵوێستنامە

## هەڵوێستی نەتەوەیی و نیشتیمانی لە بەرامبەر هێرش و داگیرکاری دەوڵەتی تورکیا

لەسەر بانگهێشتی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، ئێمە نوێنەرانی پارت، رێکخراوی مەدەنی، نوێنەرانی پێکهاتە ئیتنی و ئایینیەکان، کەسایەتیی سەبەخۆ ( نووسەر، هونەرمەند روناکبیر، ئەکادیمیکار، رۆژنامەوانان، چاودێران و سیاسەتمەدارانی نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، کە خۆمان بە دەنگیی ویژدانی نەتەوەیی و نیشتیمانی ئەزانین، بە مەبەستی هەڵوێست وەرگرتن لە بەرامبەر هێرش و داگیرکاریی دەوڵەتی تورکیا و بۆ بە خاوەن دەرکەوتن لە بەرخۆدانی هێزەکانی پاراستنی گەلی کوردستان هـ پ گ. کۆنفرانسێکی بەرفراوانمان لەسەر تۆڕی ZOOM بەڕیوەبرد و لە ئەنجامدا ئەم بانگەوازی هەڵویستنامەی خوارەوەمان بۆ رای گشتی جیهان و کوردستان رادەگەیێنین.

دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا لە رۆژی 2021.04.24، لە باشوری کوردستان لە ناوچەکانی مەتینا، زاپ و ئاڤاشین، ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوانی دەستپێکرد. ئێستا لەو هەرێمانەدا شەڕێکی گران روو دەدات. هێزەکانی گەریلا بە قارەمانێتی و فیداکاریەکی مەزنەوە بەرگری دەکەن. ئەو هێرشانە هەر تەنیا لە دژی هێزەکانی هـ پ گ نین، بەڵکو دژی هەموو دەستکەوت و سەروەریەکانی خەڵکی کوردستانە، بەتایبەتیش داگیرکردنی باشوری کوردستان.

هەروەک ئەزانن 24 نیسان ساڵیادی فەرمان و کۆمەڵکوژی گەلی ئەرمەنی یە. دەستپێکردنی ئەم ئۆپەراسیۆنە لەم رۆژەدا رێکەوت نی یە! پەیامەکە روونە، پەیامی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدە. ئامانجی ئەوان لەلای ئێمە روون و ئاشکرایە. دەوڵەتی تورکیا دەیەوێ کورد و هەموو پێکهاتەکانی کوردستان ( ئاسوری- سوریانی – کلدانی و ئەوانی تر ) لە سەر خاکی خۆیان ئازاد نەبن، دیل و کۆیلە بن وڵاتەکەیشیان لەژێر چنگی داگیرکەریدا بێت.

دەوڵەتی تورکیا هەبوونی خۆی وەک نەتەوەیەک لەسەر سڕینەوە و نەبوونی گەلانی تردا دەبینێت.

دەوڵەتی تورکیا، دژی هەبوونی کوردە، دژی کوردستانە. هەرگیز ئەم مەرامەی خۆی ناشارێتەوە، بە کردەوە لە رێگای کولتور، سیاسەت و سەربازیەوە نیشانی داوەو دەدات. هەرشوێنێکداگیر بکات ژینگەی ناوچەکە وێران ئەکات، هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیاکەی دەدات.

دەوڵەتی تورکیا، لە ساڵی 2017 دا لە کاتی هێرشەکەی عێراق بۆ سەر کەرکوک، خورماتوو، خانەقین، شەنگال و ناوچەکانی تر پشتیوانی حکومەتی عێراقی کرد.

لە هێرش و داگیرکاریەکانی داعش بۆ سەر کوردستان و بەتایبەتیش بۆ سەر کۆبانێ، دەوڵەتی تورکیا خاوەنی رۆڵێکی سەرەکی بوو و بە ئاشکرا هاوکاریی داعشی کرد.

دەوڵەتی تورکیا دژی کانتۆنەکانی رۆژئاوای کوردستان و بەڕێوەبەری خۆسەری باکور و رۆژهەڵاتی سووریایە. لە سەرەتاوە تا ئێستا لە هەڵوێستێکی هێرشکاری دایە. هەروەها لە باشوری کوردستان بە دەیان مۆڵگە و بنکەی سەربازی و سیخوڕی دامەزراندووە و دەزگا هەواڵگرییەکانیان لە دژی دەستکەوتەکانی گەلەکەمان بەکاردێنێ.

Rue Jean Stas 41 1060 Bruxelles tel: 00 32 2 647 30 84 Homepage: www.kongrakurdistan.net e-mail: kongrakurdistan@gmail.com

ئێستاش لە دەڤەری مەتینا، زاپ و ئاڤاشین دەستی بە هێرشێکی گەورە و بەرفراوان کردووە. لە بەرامبەر ئەم هێرش و ئۆپەراسیۆنە دا تا ئێستا لەسەر ئاستی نەتەوەیی و ناونەتەوەیی، وەکو پێویست دەنگ بەرز نەبوونەتەوە. پێویستە ئەم بێدەنگییە بشکێنرێ و لە بەرامبەر ئەم داگیرکاریە نارازیبوونی زۆر دەرکەوێ. پێویستە هێزە بەرگریکارەکان، هەڵوێست و هاوکاری ئێمە لەگەڵ خۆیاندا ببینن. بە یەکێتیەکی پتەو و بە پشتگیریی دۆستان دەتوانین ئەم هێرش و داگیرکەرییە بشکێنین. دەوڵەتی تورکیا ئەوەندە بەهێز نییە! نمونەی سەرکەوتنی گارێ لەبەرچاوانە. بە بەرخۆدانێکی نەتەوەیی دەتوانین هێزەکانیان بشکێنین. سەرەتا دەبێ هەڵویستێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی بێتە کایەوە. بۆ ئەمەیش پێویستە هەموو هێزە کوردستانیەکان لە دژی داگیرکەریی خاوەن هەڵوێست بن. لە ئاستی هەرە باڵادا نرخێکی پاراستنی رەوای نەتەوەیی و نیشتیمانی لە دەوری بەرخۆدێران دروستبکرێت. هەڵوێستی یەکگرتوو دەتوانێ بێدەنگی زلهێزە نێودەوڵەتیەکان بگۆرِێ.

راوێژی هەڵوێستی نەتەوەیی لە دژی داگیرکەری دەوڵەتی تورک، بە گرنگی و بە پەلە ئەم بانگەوازە بۆ گەلانی کوردستان و جیهانی مرۆڤدۆست و دیموکراسیخواز رادەگەیەنێ:

1. لە ساڵرۆژی کۆمەڵکوژیی گەلی ئەرمەنیدا هێرشکردن بۆ سەر باشوری کوردستان، پەیامی دووبارەکردنەوەی جینۆسایدێکە. ئەوان دەیانەوێ گەلی کوردیش کۆمەڵکوژ بکەن. ئێمەی بەشدارانی کۆنفرانس بە هەستیارییەوە لە رەفتاری درندانەی دەوڵەتی تورکیا نزیک دەروانین و بە هەموو توانامانەوە دژی ئەم هێرشە دەوەستینەوە و شان بە شانی هێزەکانی پاراستن جێگا دەگرین.
2. نەبوونی یەکدەنگی و یەکریزیی ناوخۆیی کوردستانیان، سەنگەری پاراستنی دەستکەوتەکانی کوردستان لاواز دەکات و رێ بۆ بەرەی دوژمنکاری خۆش دەکات. ئەمە لە داگیرکردنی کەرکوک، خانەقین، مەخمور و شەنگال بینرا. بەڵام رێکەوتنی ناوخۆیی هێرشی دوژمنان دەشکێنێت و دەستکەوتەکان گەورە و گەورەتر دەکات، ئەم راستییە لە پاراستن و سەرکەوتنەکانی کۆبانی دا بینرا. کۆبۆنەوە رێکەوتنی ناوخۆیی وەک مەرجی مان و نەمان دەبینێ و بانگی یەکێتیی نەتەوەیی دوپات دەکاتەوە.
3. پیویستە لە کوردستان و لە دەرەوەی وڵات پشتیوانیەکی بەهێز لە هێزەکانی بەرگری بکرێت و بەو گیانە گەرم و گورِییەی پاراستنی کۆبانێ دژی داگیرکەری دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر باشوری کوردستان بوەستینەوە. بۆ ئەم ئامانجە دەبێ لە وڵات و دەرەوەی وڵات خەباتێکی بەکگرتووی نەتەوەیی و نیشتیمانی بەهێزی دیپلۆماسیی بکرێت.
4. کۆنفراس بانگی گەلی کوردستان دەکات لەدژی هێرش و داگیرکاری لە سەفەربەریی نەتەوەیی و نیشتمانیدا بن. بەردەوام بە هەموو شێوازێکی گونجاو لە تێکۆشان و چالاکیدا بن. شانبەشانی هێزە بەرگریکارەکان جێگای خۆیان بگرن.
5. کۆنفرانس، بانگی سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لە بەرامبەر ئەم هێرش و داگیرکاریەی دەوڵەتی تورکیا بوەستێت و هێزە سەربازیەکانی تورکیا لە خاکی باشوری کوردستان وەدەرخەن.

6. کۆنفرانس، بانگی دەوڵەتی عێراق فیدراڵ دەکات پەیمانی سنووربەزاندن کە لەلایەن رژێمی بەعسی عێراق تورکیاوە ئیمزا کرابوو، هەڵوەشێنێتەوە.لە دژی ئەو داگیرکارییەی دەوڵەتی تورکیا لە سەر باشوری کوردستان هەڵویست بگرێت. ئاسمانی عێراق لە فرۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکیا قەدەغە بکات. بۆ وەدەرنانی هێزە سەربازیەکانی تورکیا لەناو سنوری دەوڵەتی عێراق، بە کردەیی هەنگاو بنێت.
7. کۆنفرانس، بانگی کۆمکاری عەرەبی دەکا لە دژی هێرش و داگیرکاری دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر باشوری کوردستان هەڵوێست بگرێ و شەرمەزار و ئیدانەی بکات.
8. کۆنفرانس، بانگی نەتەوە یەکگرتوەکان، یەکێتیی ئەوروپا و هەموو هێزە پەیوەندیدارەکان دەکات لە بەرامبەر هێرشی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر گەلی کوردستان بێدەنگ نەمێنن و هەڵوێست بگرن.
9. کۆنفرانس، بانگی دۆستانی گەلی کورد و بە گشتی دونیای دیموکراتیک و خاوەن ویژدان دەکات و رایدەگەیەنێ هەروەکچۆن لە شەڕەکانی کۆبانی، عەفرین، گرێ سپی و سەریکانییدا هەڵوێستێکی جوامێرانەتان پیشاندا، بەو هیوایەین کە لەم شەڕەشدا هەڵوێستی خۆیان نیشان بدەن. گەلی کورد پێویستی بە پشتگیریی ئێوەیە.
10. ئێمە داوا لە کوردستانیان و دۆستەکانمان دەکەین مامەڵەی ئابوری لەگەڵ تورکیا نەکەن، بایکۆتی توریزمی تورکیا بکەن.
11. بە ئامانجی هەماهەنگی کارو تێکۆشان دژی هێرش و داگیرکاریی دەوڵەتی تورکیا، لە سەرداخوازی کۆنفرانس و بە کردارکردنی راسپاردەکانی کۆنفرانس، **ژوورێکی قەیران** لە ئاستێکی باڵادا درووست ئەکرێت. لەو شوێن و ولاتانەش کە دەرفەت هەبێ، کۆمیتەی چالاک لەژێر چەتری **ژووری قەیراندا** درووست دەکرێت.
12. ئێمە کەسایەتی و نوێنەران کە لە کۆنفرانسدا ئامادەین، لە بەرامبەر هێرش و داگیرکاری دەوڵەتی تورکیا هەڵوێست وەردەگرین و جارێکی تریش خاوەندارێتی خۆمان بۆ هێزەکانی پاراستنی کوردستان دووبارە دەکەینەوە و رایدەگێنین: **پاراستنی دەڤەرەکانی مەتینا، زاپ، و ئاڤاشین پاراستنی هەموو کوردستانە، ئێمە بە هەموو هێز و تواناکانمانەوە خاوەندارێتی لەو بەرگری و بەرخۆدانە دەکەین. هەروەها داوای هەمان ئەم هەڵوێستە لە هەموو پارت، رێکخستن، کەسایەتی کوردستانی و تەواوی گەلی کوردستان دەکەین.**

**راوێژی هەڵوێستی نەتەوەیی و نیشتیمانی لە دژی داگیرکاریی دەوڵەتی تورکیا**

**15ی گوڵان 2021**